**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار : ٢١**
**رۆژی بڕیار : ٢٠٠٢/١٠/١٥**

## " بڕیـــار "

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) و بڕگە (١)ی ماددەی (٦١) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ، ئەنجومەن لە دانیشتنی رۆژی (٢٠٠٢/١٠/١٥) یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا :

**یەکەم:** ماوەی ئیش وکاری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ، سەرەتا لە (٢٠٠٢/١٠/٤) وەوە تا هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەن و دانیشتنی یەکەمی ، ناوی (خولی گواستنەوە) دەبێت .

**دووەم:** سەرۆکی ئەنجومەن لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت و جێگری سەرۆك لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دەبێت بۆ ماوەی سێ مانگ لە رۆژی (٢٠٠٢/١٠/١٥) وەوە بۆ دوو مانگی دوای ئەوە سەرۆك و جێگر پلە یان (مەنصەبیان) دەگۆڕنەوەو ، ئەم ئاڵوگۆڕە بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت تا کاتی هەڵبژاردنی خولی دووەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەن.

**سێیەم :** هەردەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت ناخرێتە بەرکار.

**چوارەم :** ئەم بڕیارە لە رۆژی دەهێنانیەوە دەخرێتە بەرکار و لە (وەقایعی کوردستان) دا بلاودەکرێتەوە.

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق**